زانكۆی سلاحەدین
كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری
بەشی كارگێری ڕێكخراوە گەشتیاریەكان

<u>ناونیشانی راپۆرت</u>

# ڕێبەری بۆ فڕۆكەخانەی هەولێر

<u>ئامادەكردنی قوتابی</u>
**ناودار ناجی**

<u>بە سەرپەرشتی</u>
**م. ڕۆژان صباح**

**2023**

# لیستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| ١ | پێشەکی |
| ٢ | ڕێبەری ڕێگا<br>کورتەیەک لەسە<br>فڕۆکەخانە |
| ٣ | بەشی پێشوازی فڕۆکە خانە |
| ٤ | مێژووی فڕۆکەخانە |
| ٥ | بەشی تێرمیناڵ<br>کارگێڕی وئەنجامدانی<br>گەشتی زانستی |
| ٦ | بەشی ئێرساید<br>تایبەتماندیەکانی فڕۆکەخانە |
| ٧ | باشیەکانی |
| ٨ | گرفتەکانی |
| ٩ | سەرچاوەکان |

# پێشەکی

هەروەک دەزانین ئەمساڵ دەرسێکی تایبەتمان هەبوو بە ناوی (ڕێبەری گەشتیاری) کە بە سەرپەرشتی (م. ڕۆژان) بوو بۆیە ئێمە بڕیارماندا ڕێبەری قوتابیان بکەین بۆ ( فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر) هەر بەو هۆیەشەوە لە ( 2023/11/21) هەڵساین بە ئەنجامدانی پڕۆسەی ڕێبەریەکە.

# ڕێبەری ڕێگا

**کورتەیەک لەسەر فرۆکەخقنە بە گشتی:-**فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر گەورەترین و فراوانترین فڕۆکەخانەی کوردستانە کە لولایون حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت، ئامانج لێی ئەوەیە کە پاڵپشتی ئابووری کوردستانی عراق بژات بەهۆی بوونی تەکنەلحژیای کاریگەر و بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی، فڕۆکەخانەکە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و ( حەوت) کیلۆمەتر لە قەڵای هەولێر ( سەنتەری شارەکە) دوورە، کە لە بەشی باکووری ڕۆژ هەڵاتە، دەکەوێتە سەر ڕێگای کۆنی ئاوریشم کە یەکێکە لە ڕێگا کۆنە بازرگانیەکانی جیهان.

لە کۆتا ئاماری فڕۆکەخانە لەساڵی (٢٠١٧) بڵاوی کردۆتەوە کە (٢٦٠٠٠) هەلی کاری ڕەخساندووە لەسەرتاسەری هەرێم کە تێیدا کارمەندانی بیانیش کاردەکەن. ساڵانە نزیکەی (٢ملیار) گەشتیار گەشتی لێ دەکەن بۆ (٥٠) شوێنی جیهان هەروەها ساڵانە بە (٣٢ملیۆن دولار) بەشداری لە داهاتی هەرێم (٦.١ملیۆن دۆلار ) دەخاتە پیشەسازی دەرهێنانی نەوت و گاز لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.

# بەشی پێشوازی

ئەم بەشە پێکهاتووە لە بەشی پێشوازی و بەڕێکردن کە گەشتیاران لەوێوە پشکنین و لێپێچینەوە دەکرێن لەوێوە لە ڕێگەی پاسی تایبەت دەچنە تێرمیناڵ، هەروەها ئەوکەسانەی کە چاوەڕێی خزم و کەسەکانیان دەکەن کە لە گەشت دێنەوە لە بەشی ( بەڕێکردن ) چاوەڕی دەکەن کە شوێن و کورسیان بۆ ئامادەکراوە.



# مێژووی فڕۆکەخانە

ئەم فڕۆکەخانەیە پێش ساڵی (١٩٩١) فڕۆکەخانەیەکی سەربازی بوو تا ساڵی (١٩٩١) و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەدوای ڕاپەڕینەوە وەک فڕۆکەخانەیەکی سەربازی نەماو لە ساڵی (٢٠٠٣ ) بوو بە فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی، هەر لە ساڵی (٢٠٠٣) فڕۆکەخانە یەکەم گەشتی تێدا ئەنجامدرا، دواتر لە (٢٠٠٣/١٢/١٥) بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە
لە ساڵی (٢٠٠٥) کۆدی گشتی پێدراو بڕیار لەسەر دامەزراندنی فڕۆکەخانەیەکی نوێ درا بەشێوەیەکی مۆدێرن کە لەلایەن دیزاینەر ( جەنگیز ماکیۆڵ) کۆمپانیای ( سکۆت وڵسن) دیزانکردنکراوەو لەساڵانی ( ٢٠٠٥ تا ٢٠١١) فڕۆکەخانەی نوێ دروستکراو دواتر لەلایەن ( نێچیرڤان بارزانیەوە) بەڕووی گەشتیاراندا کراوەتەوە.
هەروەها یەکەمین گەشتی ئاسمانی کە لە ( ئەمەریکاوە) بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە بەرواری (٢٠٢٠/٥/٦) کرا بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕایگەیاند بۆ یەکەم جارە پێشوازی لە گەشتێکی هێڵی ئاسمانی بکەن کە ڕاستەوخۆ لە ( ویلایەتی واشنتنی ئەمەریکاوە) هاتبوو. کە بە درێژترین گەشتی فڕۆکەخانەکە دادەنرێت کە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر نیشتبێتەوە، ماوەی گەشتەکە(١٠ کاتژمێر و ٣٣ خولەکی ) خایاندبوو.

# بەشی تێرمیناڵ
# کارگێڕی و ئەنجامدانی گەشتی زانستی

بەڕێوبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر- تەلار فایەق پاش 9 ساڵ لە کاری بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانە، لە بەرواری 2020/9/3 دەستی لە کار کێشایەوە و لەوکاتەوە تا ئێستا ئەحمەد هۆشیار وەکو بەڕێوبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستی بە کار کردووە.
لە بەشی پێشوازی و بەڕێکردن بە پاسی فڕۆکەخانە دێین بۆ تێرمیناڵ، هەر لەوێدا قوتابیان ئاگادار ئەکرێنەوە کە دەنگە دەنگ و قەرەباڵغی قەدەغەیە بۆ ئەوەی گەشتیاران بێزار نەبن، هەروەها وێنەگرتنی ئامێرەکانی پشکنین و کارمەندانی ئاسایشیش قەدەغەیە لەبەر دۆخی ئاسایش.گەشتیاران ئەتوانن لەسەر شاشە گەورەکانی تێرمیناڵ کاتی گەشتەکان و کۆدی گەشتەکەیان ببینن، هەروەها شاشەیەکی تری لێیە کە ئەو شتە قەدەغانە پیشان ئەدات کە ناتوانیت لەکاتی گەشتکردن پێت بێت. هەروەها چەند کابینەیەکی لێیە کە پێیان دەوترێ (کاونتەر) هەریەکەیان تایبەتن بە هێڵێکی ئاسمانی کە شوێنی دیاریکراو بە گەشتیاران ئەڵێ لەناو فڕۆکە، لەسەر تکتی گەشتەکە کاتی سەفەرکردن و کاتی گەیشتن و وەزنی جانتا نووسراوە، ئەگەر وەزنەکەی زیاتر بێت پێویستە ئەو بڕە پارەیەی بۆ کێشە زیادەکە دیاریکراوە وەکو سزا بدرێت بە هێڵە ئەسمانییەکە. هەروەها information desk هەیە کە ئەگەر گەشتیار هەر پرسیارێکی هەبوو ئەتوانێت ئاراستەی کارمەندانی ئەم جێگەیەی بکات.
هەر لە تێرمیناڵ جێگەی نوێژ و کافتریا و WC و بنکەی تەندروستی هەیە کە لەوانەیە گەشتیار پێویستی پێیان بێت، پاش چاوەڕوانی گەشتیار ئەتوانێت بچێتە پشکنینی پاسپۆرت و گەشتەکەی دەست پێ بکات.

# بەشی ئێرساید
# تایبەتماندیەکانی فڕۆکەخانە

فڕۆکەخانە پێکدێت لە ئێرساید و تێرمناڵ،ئێرساید شوێنی وەستانی تەیارەیە و تێرمناڵ شوێنی وەستانی گەشتیارە.
لەئێرسایددا چەند تایبەتمەندیەک هەیە ئەونیش
بەشی مارشاڵ هەیە کەوا ڕێنوێنی تەیارە دەکەن بۆ دابەزین و هەڵفڕین و جانتاکانی گەشتیاران دەگوازنەوە لە تەیارەوە بۆ تێرمناڵ وە بە پێچەوانەوەش.
وەهەروەها خرتوم(pasnger bordin breach)پردی پەڕینەوەی گەشتیارانە لە تێرمیناڵەوە ڕاستەوخۆ بۆ ناو تەیارە.
بورجی پەیوەندی کە لە ئێرسایددا هەیە چەند کارمارمەندێک تێیدا کاردەکەن بۆ پەیوەندی کردن بە تەیارەکانەوە لەکاتی هەر پێویستیەک.
فڕگە(Ranuay)جادەیەکی درێژە لە ئێرسایددا هەیە کە تەیارە لەسری هەڵدەبەزی و دادەبەزی،فرگەی فڕۆکەخانەی هەولێر حەوتەم درێژترین فڕگەیە لە جیهاندا کە درێژیەکەی(٤٨٠٠م) پانی(٩٠م)گەورەبیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هاویناندا پلەی گەرمی زۆر بەرزە و تەیارە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تاوەکوو هەڵدەستێ.
وەهەروەها بەشی کارگۆ هەیە کە تێیدا ئەشیایەکانی(بارەکانی)ناو تەیارە دەپشکنێت
وەهەروەها بۆ ڕونکردنەوەی مەودای بینین لە ناو تەیارە ئامێری ILS بەکاردەهێنن.
فڕۆکەخانە بنکەی تەندروستی لێیە.
لە فڕۆکەخانە گەشتی VIP وCIP هەیەVIP بۆ وەفدە سیاسیەکانە کە بە فڕۆکەی جیا گەشت دەکەن،وە CIPبۆ کەسە بزنسمانەکەن و کەسە بەناوبانگەکانە کدەیانەوێ بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت پارەی زیاتر دەدەن و سەر بە کۆمپانیایە
وەهەروەها لە فڕۆکەخانە بەشی گومرگ هەیە ئەو کەسانەی کەوا بڕێکی زۆر پارەیان پێیە یاخود سەعاتی زێریان لە دەستە دەچن لە بەشی گومرگ زەریبە دەدەن چونکە بردنی پارە لەکاتی گەشت کردنددا لە فڕۆکە خانە سنوردارە.


Xendan
www.xendan.org
ERBIL International Airport

# باشیەکان

یەکێک لە باشییەکانی هەڵبژاردنی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ئەوەبوو کە بۆ بەشێکی زۆر لە قوتابیان بەتایبەت ئەوانەی گەشت و سەفەریان ئەنجام نەداوە ئاشنا بوون و ڕێکارەکانی گەشتکردن لە لایەنی پراکتیکی و زانیارییان پێ گەیشت لەسەر تەواوی فڕۆکەخانە گەشتکردن و ناسینی بەشەکان، لەیەنێکی باشی تر ئەوە بوو کە کاتێکی زۆرمان لەبەردەم بوو و ڕێبەرەکان بە باشی خۆیان ئامادە کرد و کارەکان بەباشی ئەنجام دران.

# گرفتەکان

یەکێک لە گرفتەکان کە هاتە پێش لە ئەنجامدانی گەشتەکە ئەوەبوو کە ڕێپێدانی لایەنی ئاسایشی فڕۆکەخانە درەنگ گەڕایەوە واتە درەنگ کات و ڕۆژمان بۆ دیاریکرا بۆ سەردانکردنی EIA و چاوەڕوانییەکی زۆری ویست. هەروەها لەکاتی داخل بوون چەند قوتابییەک و مامۆستا ناویان لە کتابی ڕێپێدان نەنووسرابوو بەهۆی هەڵەیەک لە تۆمارکردنی ناوەکان هەروەها قوتابییەک باجی زانکۆ و هیچ بەڵگەنامەیەکی لا نەبوو کە بیسەلمێنێ قوتابییە یاخود لانیکەم ناوی چییە، هەرچەندە لەلایەن ئاسایشی فڕۆکەخانەوە گرفتێکی گەورەبوون، بەڵام دواتر چارەسەر کران و هەمووان گەشتەکەیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا.

# سەرچاوەکان

1 - زانیاری ڕووبەڕوو